# وتەی ژمارە:

گومان لەوەدا نی‌یە کە لە نێو هەر حیزبێکی سیاسی‌و بە تایبەتی لـە نێـو حیزبـە دێموکراتەکان دا بۆ چوونی جیاواز هەیە. لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا زۆر دەمێکە ئەم ناتەبایی سەلیقەو بۆ چوونە بووەو هەیە. لە کونگرەی ١٢دا بە خۆشیەوە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی حیزب هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە چێدی دەستە بەندی نەهێنی لە یەکتر نەکەن و لەم بوارەدا مادەیەك لە لایەن کـونگرەوە پەسـەند کرا کە دەڵێ:" بۆ کەس نی‌یە بە نەهێنی دەستەبەندی بکا، هەر کەس بێکا تا سـەر حەدی خەیانـەت موتەهـەمو تـا سـەر حـەدی ئیخـراج لـە حیـزب سـزا دەرێ، دیـارە تریبوونیش ئازادە هەر کەس بە شێوەی ئاشکرا دەتوانێ لـە کۆبوونـەوەی حیزبـی‌دا چ بۆچوونێکی هەیە دەریبڕێ‌و لە سەری بدوێ".

سەڕەرای ئـەوەی کـە ئەنـدامانی کـونگرەی ١٢ بـە تێکـرای دەنـگ ئـەو مادەیـان پەسـەند کـردو هـەموو لایـەك قـەراریان دا کـە بەرپرسـانە بـەرێوەی بـەرن، لـە کۆبوونـەوەی گشـتی دوای کـونگرەش وەك مزگینێکـی خـۆش خـرا بـەر گوێـی بەشداران‌و بووبە مایەی دڵخۆشی هەمووان ، بە داخەوە ئەو برادەرانەی کاتی خـۆی هـەر لـە کـونگرەی دەهـەمی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران دا دژی یـەك گرتنـەوەی دوو بـاڵی ئـەو کـاتی حیـزب بـوون و دژایـەتیان دەگـەل وەسەریەکخسـتنەوەی بنەماڵـەی گـەورەی حیـزب کردبـوو، هـەر چـەند ئـەوان بـە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوای یـەك گرتنـەوە زۆر ئیمتیازیشـیان لـە زۆرینـەی ئـەو کاتی ڕێبەرایەتی حیزب وەرگرت تا بە هیچ شێوە هەست بە مەغـدوور بـوون نەکـەن بـەڵام دوای کـونگرەی ١٢ بـە پێچـەوانەی مـادەی پەسـەندکراوی کـونگرە، دەسـتە بەندیان بە نەهێنی درێژە داو بە تایبـەت کـە بۆیـان دەرکـەوت دوای ئاشـکرا بـوونی

پێلانەکەشیانو شکاندنی پەیمان هیچ لێ پرسینەوەیەکیان لێ نەکراو سەزانەدران هێندەی دی لە سەر ئیدامەکاری دوور لە قەراری کونگرە سوور بوونو لە نێو کادروپێشمەرگەی حیزب دا بە وەعدەو بەڵێنی بێ کردەوە بوونە زۆرینەی کونگرەی ١٣و لەو کونگرەدا هەوڵیان دا هەر بە دەستە بەندی بەشێك لە باشترین کادرەکانی حیزب لە رێبەرایەتی وەلا بنێن.

هەر بە دوای کونگرەی ١٣دا کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، حیزبیان کردە دوو کەرتی خۆمانەو ناخۆمانە.

هەرچی ئیمتیازو جێگەی باش بوو دەدرا بەو کەسانەی سەر بە خۆیان بوون. جگە لەوەش بە گۆرینی شوێن، و دوورخستنەوەیان دەرکردن تەسفیەحیسابیان دەگەڵ بەشێکی بەر چاو لە کادروپێشمەرگەکردو سەدان کەس بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە نالە بارو نا حیزبیە!

لە راستیدا نەزمونیزامی حیزب واشیوا کە تەنانەت لە چکولەترین کاری وەك تەعمیری خانوو بەرەکانیش بە زەقی بەر چاوو دەکەوت . زۆر خانووی کونترو خراپتر هەبوون کە ساڵی پێشتر داوای تەعمیریان کردنیان بۆ کرابوو بەڵام گوێیان نەدەدانێ کە چی چەندین خانووی لایەنگرانی خۆیان چاك کردو بۆشیان گەورە کردنەوە. شتی لەم بابەتە زۆرە کە پێویست ناکا بچێنە ناوئەم وردە کارە نادورستانە.

زۆرینەی ریبەری جگە لەم شتانە بە دوای کونگرەی ١٣ دا هێندێك هەڵەی زەقی سیاسیان کرد کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئیمزای قەراردادی سیاسی دەگەڵ پانئێرانیستەکان بکەین کە شۆڤینیست ترینی ئێرانیەکانن و ئەوەی لە رابردوودا رۆژێکی سیاسەت کردبێ دەیانناسێ، هەر وەها پێشگیری خوێندن لە کادرو پێشمەرگە لە زانکۆو مەکتەب کە بە لە بەر چاو گرتنی هەڵکەوتەیجوغرافیایی ئیستای شوینی حیزبو نیزێکی لە زانکۆ و شار، لە دەست دانی گەورەترین هەلی رەخساو بۆ لاوەکان و پێگەیاندنیان بۆ دوارۆژی حیزب بووە، لە لایەکی تر ولام

دانەوەی  دوور لە مەنتیق بە نامەی نەزمی ئەفشار لە لایەن سکرتێری حیزبـەوە کـە خۆی هەرایەکی گەورەی لە سەر ساز بوو و چەند مانگ لە سەرسایتەکان لـە سـەری نووسرا، دواجاریش پەیمان بەستن دەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەکان کە هـەم ئەنـدامانی حیزبو هەم خەڵکی کوردستانی بە گشتی سەرسام کرد .

زۆر لەو قەرارو بریارانە کاتێك دەرچوون کە ئەو هاورێیانـەی ئەنـدامی دەفتـەری سیاسی کە موافقی بۆچوونی ئەوان نەبوون لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار نەدەکران.

هاورییانی زۆرینەی بەدەنەو کەمینەی ڕێبەرایەتی لە بەرامبەر ئـەو هـەموو کـارو کردەوانەدا نیزیك بە دوو ساڵ دەمیان بە جەرگی خۆیان داگرت و ئەو مەسـەلانەیان تەنیا لە نێو خۆی حیزب دا راگرت، بەڵکوو لە ئاکامی دیـالۆگی نـاوخۆیی وبـە دانـی ئامۆژگاری پێویست بتوانن ئەم رەفتارە نادروستانە لە حیزب دا نەهێڵن.

زۆر بە داخەوە هاورێیانی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی گوێ بیسی هـیچ رەخنـەو پێشنیارێکی بەدەنەو کەمینەی کومیتەی ناوەندی نەبوونو درێژەیان بەم رفتارە نـا لە بارانەدا .

لە رێکەوتی  ١٣٨٥/٥/٧  نامەیەکی پڕ لە رێزو حورمەت و لە عـەینی کـات دا پـڕ لە ئێشو ئازار لە ٢٠ مادە دا لە لایـەن ٢٥ کـەس لـە ئەنـدامانی پێشـووو ئـەو کـاتی رێبەرایەتی حیزب نووسراو پێشکەش بە سکرتێرو زۆرینەی کومیتەی ناوەنـدی کـرا. پاش ماوەیەك بێ وڵام هێشتنەوە بە نامەکە   هەیئەتیان بـۆ وتوویـژێکی فۆرمالیتـە دیاری کرد بەڵام ئەوان هیچ کات ئامادە نەبوون  لۆکە لـە گویچـکەکانیان دەربیـننو قسەی خەڵك ببیسن. ئینکاری هەموو واقعیەتەکانیان دەکرد. پاش ئەوەی بێ ئاکام مانەوەی ئەووتوێژانە زۆری خایاندو دۆستو دووژمن تێگەیشتن کە لە نێـو حیـزب دا چ باسەو ناتەباییەکان لە هـەموو کوردسـتان دەنگیـان داوە، گـەلێك لـە بەرپرسـانی حکوومەتی هەریم، وەزیرەکان، بەرپرسی پارلمانو تاقمێك لە نوینەران، کەسـایەتی مەزنو رێبەرانی زۆربەی حیزبـەکان بەمەسـەلەکەوە مانـدوو بـوون، زەحمـەتیان بـە خۆدا و هاتن دانیشتن، بەڵام باڵی زۆرینـەی کومیتـەی ناوەنـدی ئەوەنـدەی توانیـان

حاشایان له راستیەکان کرد، له هێندێك شوێن مـەجبوور دەبـوون قبـوولی واقعیـەت بکەن بەڵام دەیانگوت بۆ خۆمان جێبەجێی دەکـەین‌و بـه هـیچ شـێوەیەك مـوافقی چاوەدێری‌و دەخاڵەتی خەڵکی دیکە نەبوون. دوایـین جـار کـاك کـەریم سـەنجاری و کاك عوسمـان حـاجی مـەحموود وەك دوو وەزیـری حکوومـەت و نوێنـەری هـەر دوو حیزبی سەرەکی کوردستان هاتن و باسەکەیان کردەوە، بەڵام لایـەنی کـاك مسـتەفا هیجری رایانگەیاند کە موافقی نێوبژی نین و بۆ خۆیان موشکلەکە حەل دەکـەن .بـە دوای ئەوەدا وەك تەر دەستی ماهیر ١٧ مادەیان هێنا کە نە تەنیا چارە ساز نـەبوو بەڵکووهەر هەڤدە مادە ولامی دوو خاڵ لە بیست خالیش نەبوون. لە راستیدا ئـەوان پێشتر دوو جار رایانگەیاند بوو کە حیزب بەش دەکرێ. جارێکیان لە هـاوین دا کـاك مستەفا لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا بێ ئەوەی کـەس باسـی جیابوونـەوەی کردبـێ گوتبووی،" ئەگەر رۆژێك ببینە دوو حیزبیش دەبێ موتەمەدینانەو شارسـتانیانە بـە یەکـەوە رەفتـار بکـەین" جـارێکی تـر کـاك حەسـەن شـەرەفی لـە نامەیـەکی ١٣ لاپەرەییدا کە نەی ویرابوو ناوی خۆشی لێ بنووسی شـەلاحەت و فەلاحـەتێکی زۆری هێنابوو، لە ئاخری دا کەرامەتی نواندبوو نووسیبووی" هێندێك بـە نیـازن لـە حیـزب جیابنەوە داوای لە خەڵك کردبوو کە گوێیان نەدەنی وبە هێندیان نەگرن".

دوای ئەو هەموو بێنەو بەرەی خـەڵك و لایـەنی مقابـل ولامـی پێویسـتو رەوا بـە داخوازیەکان نەدراوەو خەرێکی غافلاندنی بەدەنە بوون تا خۆیان بگەێننە کونگرەی ١٤ وەپیشتریش گوتبوویان کورسیەکانی کونگرەی ١٤ هەمووی چندراون و دەزانـین هەر کام دەبێ کێی لە سەر دانێشی ( دیارە ئەوە دێموکراسی مودێرنە) !

هاورێیـانی کەمینـەی کومیتـەی ناوەنـدی هەسـتیان بـەوە کردکـە مانـەوە بـەم شێوازەو کارو کردەوانەوە کە دەیکەن لەوە زیاتر دەگەڵ ئەوان خزمەت بە حیزب و نەتەوە نییە، چوونکە رۆژ دەگەڵ رۆژ زیاتر دەخزن‌و زۆرتر لە ریبازی واقعی حیزبی دێمـوکرات دوور دەکەونـەوە. بۆیـە لـە رۆژی ١٥ی سـەرماوەزی ١٣٨٥ی هـەتاوی‌دا کەمینەی رێبەرایـەتی کومیتـەی ناوەنـدی بـە دەر کردنـی بەیانیەیـەك و ئامـاژە بـە

هێندێك له بۆچوونەكان رایانگەیاند كه لەمەو بە دوا بە جیا لەوان و بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانەوە خەباتی خۆیان درێژە دەدەن.

هاوكات دەگەڵ ئەو بەیاننامە هێله گشتیەكانیشیان بۆ چاكسازی حیزب و باشتر بەرێوە بردنی ئووسوولی حیزبیو بەر چاو گرتنی پرەنسیبە دێموكراتیكەكان له چەند خاڵ دا راگەیاند كه هیوادارین هەمووی ئەوانه بە كردەوە پیادە بكرێنو بەم شێوە بتوانێ ئەركی واقعی حیزبی دێموكراتی كوردستان خۆی لە دژایەتی دەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران تا رووخاندنی و دانانی سیستمێكی دێموكراتێك لە جێگای ئەو بەرێوەبەریێو لە پێناو سەر بەرزی و بەختەوەری گەلو رزگاری نیشتماندا تێكۆشێو له هەموو بوارێكدا بەرپرسانە بجووڵێو پەیمانو بەڵێنەكانی بە كردەوە بەرێته سەر.